هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی نوسینگەی ئە نجومەن
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دادوەران

Judicial Council

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
المديرية العامة لمكتب المجلس
مديرية شؤون القضاة

ژمارە : ١ / C.VC
ڕێکەوت : ١١ / گەلاوێژ / ٢٧١٣ کوردی
Date: ٢٠١٣ / ٩ / ٢

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئە نجومەنی دادوەری
نووسینگەی ئە نجومەن
Council of the Judiciary
مجلس القضاء

**بۆ / سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر**
**سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی**
**سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك**
**سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك / گەرمیان**

**ب / ناردنی بڕیار**

بەهاوپێچ بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٥٩) لە ٢٠١٣/٨/٢٧ تان بۆ دەنێرین کە تایبەت بە ڕێنمایی جێ بە جێ کردنی یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠١٣ بۆ پەیڕەوکردنی گشت ئەو خاڵانەی کە لە ڕێنماییەکە هاتووە و جێ بە جێ کردنی .... لەگەڵ ڕێزدا .

**أحمد عبدالله زبير**
**سەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری**

**وێنەیەك بۆ /**

- وەزارەتی داد – بەڕێوەبەرایەتی وقائعی کوردستان / بۆ بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وقائعی کوردستان .... لەگەڵ ڕێزدا
- سەرپەرشتیاری دادوەری لە هەولێر / سلێمانی / .... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاری لە دیوانی ئەنجومەنی دادوەری .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەنجومەنی دادوەری .
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری سەرۆکایەتی دادی تەمییزی هەرێم .
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر .
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی .
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك .
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك / گەرمیان .
- بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندی ڕاگەیاندن / بۆ بلاوکردنەوەی لە سایتی ئەنجومەنی دادوەری .... لەگەڵ ڕێزدا .
- دۆسیەی تایبەت .
- دۆسیەی نووسراوە دەرچووەکان .
- دۆسیەی خولاو .

ژمارە : ٥٩

Date: ٢٠١٣ / ٨ / ٢٧

هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجومەنی دادوەری نووسینگەی ئەنجومەن Council of the Judiciary مجلس القضاء

## - بڕیار -

پشت بە حوکمی **مادده/٤** لە یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی **٢٠١٣** ( یاسای جێ بە جێ کردنی یاسای ئیمتیازاتی لێکۆڵەرەوانی دادوەری ژمارە (٨٠) ی ساڵی **٢٠١٢** ئیتحادی لە هەرێمی کوردستان / عێراق ) . وە بۆ ئاسانکاری جێ بە جێ کردنی حوکمەکانی یاسای ئاماژەپێ کراو و سود وەرگرتن لە گشتاندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری / عێراق ژمارە (١١٨٥٤/ح/٢٠١٢) لە ٢٠١٢/١٢/١٢ و (٤٩٣٠/ح/٢٠١٣) لە ٢٠١٣/٦/١١ ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە کۆی دەنگ بە دەرکردنی ئەو ڕێنماییەی خوارەوە

## ڕێنمایی جێ بە جێ کردنی یاسای ژمارە ( ١٧ ) ی ساڵی ٢٠١٣

### مادده/١

لەبەر ئەوەی ناونیشانی لێکۆڵەرەوەی دادی بە لێکۆڵەرەوەی دادوەری ( محقق قضائي ) هاتووە لە یاسای ژمارە (٨٠) ی ساڵی **٢٠١٢** بۆیە ناونیشانی ( لێکۆڵەرەوەی دادی ) دەگۆڕدرێت بۆ ( لێکۆڵەرەوەی دادوەری ) لە میلاکی ئەنجومەنی دادوەری و دادگاکانی هەرێمی کوردستان وە پێویستە بەکاری لێکۆڵینەوە هەڵسێت بەپێ ی ئەو بەڵێنەی کە پاشکۆیە ( ملحق ) بەو ڕێنماییە .

### مادده/٢

**أ-** دەرماڵەی مەترسی بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار خەرج دەکرێت بۆ هەڵگرانی ناونیشانی ( لێکۆڵەرەوەی دادوەری ) مانگانە لە جیاتی ٥٠٪ لە مووچەی بنەڕەتیان .

**ب-** خەرج کردنی دەرماڵەی پیشەیی بۆیان بە بڕی ٧٥٪ لە مووچەی بنەڕەتی مانگانە .

### مادده/٣

***یەکەم:-*** دەرماڵەی ئاماژەپێ کراو لە ماددەی دووی سەرەوە خەرج دەکرێت بۆ هەڵگرانی ناونیشانی ( لێکۆڵەروەی دادوەری ) ئەگەر :-

**أ-** لە دادگاکانی لێکۆڵینەوە کاری کردبێت وەیان لە هەر دادگایەك یان فەرمانگەیەکی سەر بە ئەنجومەنی دادوەری بێت بۆ بەرژەوەندی گشتی .

**ب-** تەنسیب کرابێت یان تەنسیب بکرێت بۆ دەرەوەی ئەنجومەنی دادوەری بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری لە پێناو بەرژەوەندی گشتی واتە لەسەر داواکاری خۆیان نەبێت .

***دووەم :-*** دەرماڵەی ئاماژەپێ كراو خەرج دەكرێت بۆ ( یاریدەدەرانی دادوەری ) ئەوانەی دەسەڵاتی لێكۆڵەرەوەی دادوەریان پێ دراوە وەیان پێیان دەدرێت بە فەرمانی سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری وەكاری لێكۆڵەرەوەی دادوەری بە فیعلی دەكەن .

***ماددە/٤***

دوو دەرماڵەی مەترسی یان پیشەیی بەیەكەوە خەرج ناكرێت .

***ماددە/٥***

ئەم دەرماڵەیە لەكاتی وەرگرتنی مۆڵەتی ( ئاسایی و نەخۆشی و دایكایەتی و خوێندن و هەر مۆڵەتێكی تر ) خەرج دەكرێت تا ماوەی ٣٠ ڕۆژ و وە لەو ماوەیە زیادتربێت دەبڕدرێت .

***ماددە/٦***

ئەو ڕێنماییە لێكۆڵەرانی دادوەری كە لە پەیمانگای دادوەری وەرگیراون ناگرێتەوە .

***ماددە/٧***

ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستان وە لە كاتی پێویستدا ژمارەیەك لە لێكۆڵەرەوەكانی دادوەری ئەوانەی لە میلاكی دادگاكان كار دەكەن وە خزمەتی فیعلیان لە بواری سزایی لە (١٠) دە ساڵ كەمتر نەبێت ، بۆی هەیە پێشنیار بكات بە دامەزراندنیان بە دادوەری لێكۆڵینەوە یاخود بە دادوەری دادگای كەتن بە دیاری كراوی ( حصراً) بە پۆلینی چوارەم بە مەرجێك لە ٥٪ ی ژمارەیان تێپەڕنەكات پاش دەرچوونیان لە تاقی كردنەوەی بە نووسین ( تحريرى ) و زارەكی و بەشداری كردنیان لە خولێكی تایبەت ( دوره تأهيلية ) لە پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی كوردستان .

***ماددە/٨***

تەنها ( یاریدەدەرانی دادوەری ) ئەوانەی لە میلاكی دادگاكان كاردەكەن و خزمەتیان لە ٣ ساڵ بەسەرەوەیە وە پاش دەرچوونیان لە خولێكی تایبەت كە لە لایەن ئەنجومەنی دادوەری وە یاخود لە لایەن پەیمانگای دادوەری ڕێك دەخرێت بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ ناونیشانیان دەگۆڕدرێت بۆ ( لێكۆڵەرەوەی دادوەری ) بەپێ ی پێویستی میلاك .

هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء

Judicial Council

ژمارە : ٥٩
Date: ٢٠١٣ / ٨ / ٢٧

**ماددە/٩**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بە جێ دەکرێت بەڵام سەبارەت بە خەرج کردنی دەرماڵەکانی ئاماژەپێ کراو لە ماددە/٢ ی سەرەوەلە ڕۆژی ٢٠١٣/١/١ کاری پێ دەکرێت .

**ماددە/١٠**

ئەو ڕێنماییە بلاّو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان .

*أحمد عبدالله زبير*
*سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری*

# - بەڵێن نامە -

من لێکۆڵەرەوەی دادوەری (                    ) کە لە خوارەوە واژووم کردووە بەڵێن دەدەم کە پابەندبم بەو ئەرکانەی لەم بەڵێنامەدا هاتوون و بە پێچەوانەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری هەیە ناونیشانم بگۆڕێت لە لێکۆڵەرەوەی دادوەریبۆ هەر ناونیشانێکی تر .

١- پابەند بوون بە دەوامی فەرمی و جێ بە جێ کردنی کاری لێکۆڵینەوە هەروەکو داریژراوە لە ماددەکانی ٥١ و ٥٢ لە یاسای بنەماکانی دادگەری سزایی لە ژێر سەرپەرشتی دادوەری لێکۆڵینەوە

٢- پابەن بوون بە کاتەکانی ئەرکی ئێشگری پاش دەوامی ڕەسمی لە دادگای لێکۆڵینەوە بەپێ ی ئەو لیستەی کە دەردەچێت لە قەڵەمی دادگاکە.

٣- ڕازیم کاربکەم لەهەر دادگایەکی لێکۆڵینەوە یاخود هەر دادگایەکی تر لە هەرێمی کوردستان بەپێ ی پلە بەتاڵەکان لە میلاك وە یاخود تەنسیب کردنم لەلایەن سەرووی خۆمەوە بۆ هەر لێژنەیەی لێکۆڵینەوە یان دەستەیەك .

٤- دوور کەوتنەوە لە هەموو ئەوانەی گومان دەخەنە ئەرکەکانی وەزیفیم و بێ لایەنی و دەست پاکیم .

٥- لە فەرمانەکانی فەرمی سەرووی خۆم دەرنەچم .

بەڕێوەبەری کارگێری دادگا

ناو /

مۆری دادگا /

ناو /

واژوو /

ڕێکەوت /

**پەسەندکرا**

**واژووی دادوەری یەکەم**

**ناو /**

**ڕێکەوت /**